


د. مارف خەزنەدار

# بووکەشووشە!

بۆ ئەو خۆشەویستەی سەرچاوەی نووسینەوەی ئەم دێڕانە بوو.. بۆ ئەوە ئادەمیزادە ژیر و ساکارەی هەمیشە دەیگوت: بۆ پیاو پیاو دەکوژێ! بۆ فابریقەکان لە باتی گوللە و بۆمبا بووکەشووشە و گولاو دروست ناکەن؟!

بووکەشووشە! بووکەشووشە!

گەلێ سەیر و جێگەی سەر سوڕمانە بووکەشووشە ببێ بە ناوەرۆکی کارێکی ئەدەبی هونەری!.

ئەدەب یا هونەر ئەو ووشە پرشنگدارەیە هەستێکی نەمرلە دەروونیدا دەجوولێتەوە. بەڵام بووکەشووشەی ڕەق و تەقی بێ گیان، نازانم چۆن لە مێشکی هونەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە هێنانەدی بیر و مانا و وێنەی بەرز!

بووکەشووشە لە لۆکە و پارچە پەڕۆ، لە تەنەکە و نایلۆن، لەتەل و زەمبەرەک، لە دار و بزمار دروست دەکرێ بۆ ئەوەی منالّ یاری لەگەڵا بکا. خۆ نان نییە و بخۆرێ، گولّ نییە و بۆن بکرێ، ئاواز نییە و گوێی لێ بگیرێ، نیگار و دیمەن نییە تەماشا بکرێ، بووکەشووشە قسەی هیچە!

تا نەبووم بە ئاشنا و هاورێ و خۆشەویستی قارەمانی ئ[م بوو کەشووشەیە لە سەر ئەم باوەڕە بووم، دیارە لەو کاتەدا هێشتا بە قووڵی نەچووبوومە ناو جەرگەی گێتیی هەستی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام لە پاشانا بۆم دەرکەوت کە بووکەشووشە نەرم و نۆڵییە بۆ دەست و پەنجە ناسک و جوانەکانی منالّ، گولزارێکی ڕەنگین و ئاوادارە بۆ چاوەکانی، بزووتنەوەی ژیان و ئاواتە بۆ ئەم ئادەمیزادە بچووکە ساردەیەی کە لە پەڕەی گولّ ناسکتر و لە ئاوونگ خاوێنترە.

بووکەشووشە بۆ ئەوە دروست دەکرێ کە ببێ بە هۆیی یاری بۆ منداڵ. ئایا لە گەمە کردن بەولاوە شت هەیە گرنگتر بێ بۆ خەڵکی بچووک! منداڵ خۆی یاری و ئازادییە، دەسەڵاتی لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکی تری کۆمەڵەوەیە، بووکەشووشە هەموو شتێک بۆی . سەبارەت بەوەیە ئەگەر چاوبرسی لە خەوا گەنجینە بدۆزێتەوە، کرێکار بە چەکوشە پۆڵاییەکەی سەری وورگ زلەکان وورد و خاش بکا، جووتیار داسە تیژەکەی لە ملی دەرەبەگ گیر بکا، نەتەوەی ژێر دەست خاکی پاکی لە داگیر کەر و خوێنخۆر پاک بکاتەوە، هەمیشە منداڵ، سپی بێ یا ڕەش، زەرد بێ یا ئەسمەر، لە خەوا بوو کەشووشە دەبینێ.

قارەمانی ئەم بووکەشووشەی من منداڵ نییە، دەمێکە ئەو تەمەنەی بەڕی کردووە، بەڵام هەر گیزاو هەرگیز بووکەشووشەی لە یاد نەچۆتەوە ناچێتەوە، چونکە، وەکو منداڵی تر پەروەردە نەبووە و پێ نەگەیشتووە.

***

ڕۆژێ لە ڕۆژانی سەرەتای پاییز، ڕاستتر دەتوانم ئەو ڕۆژە دیار بکەم، ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بوو، ئێوارە بەرەو باغچە ڕەنگینەکانی نزیک ماڵەکەمان کەوتمە ڕێ. لە پاییزی پارەوە دڵبەندی پاییزی ئەم وولاتە بووم. لە ڕۆژانی ڕابردوومدا بە سروشت لە پاییز دڵ تەنگ دەبووم، جگە لە مردن و لە ناو چوون و توانا بوون شتێکی ترم تیایا بەدی نە دەکرد. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ، چونکە لەم کەژەدا گەڵای دار و درەخت دەوەرێ، تۆز و گەردەلوولە بەری ڕۆژ دەگرێ، باران دەست پێ دەکا، ئەمڕۆ ساردەو سبەینێ گەرم، پیاو نازانێ لە ژوردا بخەوێ یا خود لە سەربان، لە هەمووشی گرنگتر هەر لەم کەژەدایە دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە، ئەمەش وەنەبێ ڕووداوێکی دڵ گوشاد کەرەوە بێ بۆ قوتابیان!.

بەڵام لە ساڵی پارەوە لەگەڵ پاییزا بووین بە دەستەبرا، گەڵای درەختی ئەم هەرێمە بە ڕەنگێکی زەردی ژەنگدار داناپۆشرێ، بەڵکو گەڵاکان بە هەموو جۆرە ڕەنگێک خۆیان دەنوێنن، دارستان و باغچەکان لە سەردەمی بەهار و هاوینیان جوانتر دەبن. لەم کەژانەدا هەر سەوزن و سەوز، بەڵام لە پایزدا گەڵای سەر درەخت و وەریو هەموو ڕەنگەکان دەپۆشن، تەنانەت زێرین و زیوینیشیان تیایە.

لە سووچێکی باغەکە، لەسەر کورسییێک لە کورسییە درێژە کەسکەکاندا دانیشتم، کزەبایێکی فێنێک شنەی دەهات زەردەی خۆر بێ تین بوو، ناوە ناوە چەند گەڵایێک هەڵدەوەری و سەمای ڕۆژ دەکرد، لە ناو زەریاچەکەی بەرامبەریشمدا چەند بەلەمێک بە هێمنی لە جووڵانەوەو هات و چۆدابوون، زۆربەی سەیرانکەرانی ناو بەلەمەکان دڵدار و دلبەری تازە نەمام بوون.

لەو دەمەدا بێجگە لە سرنجدان لە دیمەنی سروشت بیرم بۆ هیچ لایێکی تر نەڕۆیشتبوو، بە تایبەتی ئەو ڕۆژە خۆم ئامادە نەکردبوو ناسیاوی لەگەڵ کەسا پەیدا بکەم، یا خود هاوڕێ و

دۆستێکی تازە بدۆزمەوە، چونکە لەو ڕۆژانەدا ئەرکێکی زانیستیی قورس کەوتبووە سەر شانم دەبوو جێبەجێی بکەم.

سەیرانکەران زۆر بوون، بەبێ ووچان بە بێشما ڕادەبردن، کەسیان بیری لەوە نەدەکرەوە بۆ ماوەیێک دابنیشێ، واش ڕێک دەکەوت هەندێ مێردمناڵی لە خۆبایی و سەر گەرم هەر لەسەر ئەو کورسییەی من لە سەری دانیشتبووم پشوویێکیان بۆ دەدا بەڵام کەمتر لە جێگەرەکێشانێک. لە ڕاستیدا هەر من بووم میوانی هەمیشەیی ئەو کورسییە.

لەپڕ کیژێکی تازە پێگەیشتوو، بە بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە من بدا، یاخو هیچ نەبێ تکای ئەوە بکا کە ڕیگەی دانیشتنی بدەم لە خوارووی ئەولای کورسییەکەدا دانیشت و دەستی خستە بن چەناگەیەوە. دیمەنی وای دەردەخست وەکو بیر لە شتێکی گرنگ بکاتەوە، گرژ و مۆن بوو، هەروەها من ئاسایی دڵخۆشیش نەبوو، وا دیار بوو بە هیوای ئەوەش نەهاتبوو دۆستێک، یا هاوڕییێکی تازە بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

کەوتمە دوو دڵییەوە، لە لایێک وام زان دەکرد کە ئەویش وەکو من بە ئیش و کاری زانستییەوە خەریکە و بڕیاری داوە لەگەڵ هیچ کەسێک ئاشنایی پەیدا نەکا، چونکە کاتی نییە، لە لایێکی تریشەوە دەبێ چاوەڕوانی کەس نەکا! تەنانەت ئەو کچانەی کە دێن بۆ جێگەی چاوەڕوانی دڵداری لەو جێگایەدا ئەگەر بێگانە و نەناسیاوی لێ بێ ئەوەندە ڕووخۆش نابن لەگەڵیانا، بۆ ئەوەی هەر بە بزوتنەوەو نیگا خەڵکەکەتێ بگەیەنن لەو کەسانە نین ئەوانەی ئەوان بە شوێنیان دەگەڕێن.

ئەگەر لەم ماوەیەدا کچەکە نەهاتایە تەنیشتمەوە لەوانە بوو زوو هەڵسم و بەرەو ماڵەوە بگەڕێمەوە، بەڵام گەڵی جاری وا هەیە ئەنجامی ڕووداو گەلێک گرنگ دەبێ بۆ پیاو، با ئە ڕووداوە زۆر بچووکیش بێ. من نەمدەویست ناسیاوی لەگەڵ پەیدا بکەم، بەڵام ئارەزووی ئەوەم بوو بزانم ئەویش وەکو من ئیش و کاری زۆرە و بە شوێن هاوڕێی تازەدا ناگەڕێ! یاخود ئەو کەسە ببینی کە چاوەڕوانی دەکا!

لەیەکەم بینینا کچە دڵی نەرفاندم، سرنجێکی دەروونی ئەوتۆی ڕانەکێشام، لەو کاتەدا تەنیا دەمویست بگەمە ئەنجام. کچەکە گەلێ خۆی قورس گرتبوو، ئاوڕی لێ نەدەدامەوە، منیش دوو ئەوەندەی ئەو لووتم بەرز کردبووەوە، دیار بوو نە ئەو لە کەلی شەیتان دەهاتە خوارەوە، نە منیش، بۆیی هەردووکمان ئەوەی لە لامان گرنگ نەبێ هاوسێکەی بوو. بەڵام نازانم چۆن بوو بە بێ ئەوەی هەست بکەم ڕووم وەرگێڕا و ویستم نگایێکی لێ بدزم، لەو کاتەدا ئەویش وەکو من، لەبەر ئەوە هەر کە چاومان بە یەکتری کەوت دەست بەجێ بۆ ئەوەی وێنەی شڵەژاوی لە دەم و چاوی لابەرم بە گاڵتەوە پرسیارێکم لێ کرد.

– مێردەکەت، هاوڕێکەت، نازانم کامەیانە، وا دیارە دوا دەکەوێ، بزانە لەگەڵ کێ دەسووڕێتەوە!

– من نەمێردم هەیەو نەهاوڕێ.

– ئەی بۆ چ هاتووی بۆ ئێرە؟

– گوایا ئەو کەسەی بێ بۆ ئێرە دەبێ هەر بۆ چاوەڕوانی بێ! دیارە تۆش بۆ ئەوە هاتووی؟

– نا، من بۆ ئەوە نەهاتووم، ماڵەکەمان لێرەوە نزیکە، هەموو ئێوارەیێک بۆ سەیران بۆ ئەم ناوە دێم.

– منیش وەکو تۆ.

– تۆ حەز بە هاوڕێ دەکەی؟

– بەلای منەوە هەموو ئادەمیزادێک ئەگەر هەست بە مرۆڤایەتی خۆی بکا، هەر گیز بە بێ هاوڕێ ناژی.

– کەوابێ تۆ حەز بە هاوڕێ دەکەی.

بەسرنجێکی قووڵ تەماشای کردم، هەناسەیێکی هەڵکێشاو گوتی:

– بەڵێ! هاوڕێی باش، بەلام داخی گرانم هاوڕێی باش کەمە.

دیار بوو لەم کاتەدا خۆی کۆ دەکردەوە بڕوا، ئەو ڕۆیشتنەی بۆ من شتێکی ئاسان نەبوو. لەوەپێش گەلێکی وام دیبوو، بە سێ قسەی سەرپێیی، هەندێ جاریش فشەگاڵتەو پێکەنین، لە یەکتری جیا دەبووینەوەو هەردووکمان لەم شارە گەورەیەدا نوقوم دەبووین و جارێکی تر چاومان بە یەکتری نەدەکەوتەوە.

پێش ئەوەی بڕوا، رووم تێ کرد و گوتم:

– ماڵتان لێرەوە دوورە؟

– بە ئۆتۆمۆبیل نیو سەعات دەبێ.

– دە باشە! ماڵی ئێمەش لێرەوە هەمووی بیست دەقیقەیە با پێکەوە بە پیاسە بەرەو ماڵی ئێمە بڕۆین، لەوێوە بەڕێت دەکەم.

– من ووتم هاوڕێی باش کەمە!

– مەبەست لەمەدا چییە؟

– سەیرە! چارەکە سەعاتێک نابێ یەکتریمان ناسیوە، هێشتا ناوی یەکتریش نازانین کەچی بانگم دەکەی بۆ ماڵەوە!

– تکایە لێم ببووری، من مەبەسم ئەوە نەبوو لەگەڵما بێی بۆ ماڵەوە، من گوتم تا لای ماڵەکەی ئێمە با پیاسە بکەین، لەوێوە ئیتر بۆ خۆت بڕۆ بۆ ماڵەوە. بە زەردەخەنەیێکی نهێنییەوە سەری لە قاند، هیچی لێ تێ نەگەیشتم. ئەو ڕۆیشت و منیش کەوتمە دوای، لە ماوەی ئەم بیست دەقیقەیەدا شتێکی وای لێ تێ نەگەیشتم کە بتوانم هەندێ لە خوو و ڕەووشتی بگەم. تووشی گەلێ ئافرەتی وا هاتووم لە ماوەیێکی کەما توانیومە لە بنج و بناوانی بگەم و بچمە ناو ژووروی دڵیەوە. مەندی

و لەسەرخۆیی کچە منی خستبووە گومانەوە، کاتێ بیرم دەکردەو وام بۆ دەر دەکەوت ئەم ئادەمیزادە دەبێ گەلێ زۆرزان و ئالۆز بێ، هەندێ جاریش وا دەهاتە بەر چاوم وەکو زۆر ساکار و سادە بێ.

تا گەیشتینە سەر شەقامەکەی لای ماڵی خۆمان تاڕادەیەک ئەو منی تاقیکردەوەو توانی لە من بگا، بەڵام من هەرگیز نەمتوانی بچمە ناو ئەوەوە.

هەر چەندە دەمکرد و دەمکرد بڕیارێکم بۆ نە دەدرا، ئایا داوای ئەوەی لێ بکەم جارێکی تر چاومان بە یەکتری بکەوێتەوە؟ لە ئێستگەی پاسدا لە تەکیەکەوە وەستابووین چاوەڕێی پاسەکەی ئەو بووین. کە ئۆتۆمۆمبیلەکە لە دوورەوە دەرکەوت، دیسانەوە بە بێ ئەوەی بیر بکەمەوە گوتم:

– دەتوانم جارێکی تر چاوم پێت بکەوێتەوە؟

– بۆ من گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر تۆ ئارەزوو دەکەی دەتوانی ئێوارەی ڕۆژی شەممەی داهاتوو لە جێگەکەی ئەمرۆ چاوەڕوانم بکەی .

***

لە تێلایی چاوییەوە بە ووردی لە ژێرەوە تەماشای دەکردم، نیگاکانی پڕ شەرم و نائۆمێدی بوون، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، هەموو لەشی هاتبووە لەرزین، دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوە ڕەشە جوانەکانیا قەتیس مابوون، دەستی بۆ قوتووی جگەرەی سەر مێزەکە درێژ کرد. لە دەوری مێزەکەدا تەنیا من ئەوا دانیشتبوین لە ژوورە خنجیلانە جوانەکەدا ئەمە یەکەمین جار بوو دەستی بۆ جگەرە دەبرد، لەو کاتەدا کەوتبووە گێتیی بێ هۆشییەوە، نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵکو هەر خۆی وون کرد بوو، دەستم بۆ شقارتەکە برد و جگەرەکەم بۆی داگیرساند. دەست و پەنجە و جیگەرە، مژی دووکەڵ و بەبادا کردنی، وەکو جیگەرەکێشکی پسپۆر دەهاتە پێش چاو.

بەقووڵی لەو ووتەیە وورد بوومەوە کە ماوەێیک لەمەو بەر لە دەمما دەرچوو و بوو بە هۆی کێشانی وێنەی ئەم دیمانە ڕۆمانتیکی تراجیدییەی کە هەردووکمان لەو دەمەدا تیایا دەژیاین. بەڵێ، گوتم: گیانەکەم! من تۆ خۆش دەوێ، زۆر تۆم خۆش دەوێ هەر لەبەر ئەوەیە ئەوپەڕی ئاواتم لەوەدایە کە تۆ منت خۆش نەوێ، بۆ ئەوەی تۆ بەختیار بی.

بیرم لەم ووتەیەم دەکردەوە، هەر چەندە زیاتر قووڵ دەبوومەوە زیاتر بە شەرما دەکەوتم. لە پێشانا وام زان نەدەکرد ئەم ووتەیەم دەبێتە هۆی ئەم دڵ ڕەنجاندنە بێ سنوورە، بۆیی نەوەکو هەر پەشیمان بوومەوە بەڵکو ئارەقی شەرمەزاری لە دەم و چاوما هاتە خوارەوە. خۆشەویستەکەم بێ دەنگ بوو وەکو لە شاری خامۆشان، یا لە پرسەی باوکە مردووی دانیشتبێ بە ڕەنگی زەرد و دەستی لەرزۆکییەوە، مژی بە هێزی لە جگەرەکە دەدا و بە بایدا دەدا، منیش بێ دەنگ بووم، هەر بیرم دەکردەوە کە شتێک بڵێم بەڵام هیچم بۆ نە دەهات، زمانم گیرابوو. لە نەکاو بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم دەستم بۆ قاپی مەیەکە برد و دوو پێکم تێ کرد، بە ئەسپایی بە بێ ئەوەی

پەرداغەکانمان لە یەکتری بدەین و نیازێک بخۆینەوە، پەرداغەکانمان بۆ دەممان برد بە یەکجاری هەڵمانقوراندن. چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ووشەیێک لە دەمی بێتە دەرەوە، تەنیا ووشەیێک ، بەڵام بێ دەنگ بوو.

هێمنی و کش و ماتی باڵی بە سەر ژوورەکەمانا کێشا بوو، بێجگە لە چرکە چرکی سەعاتە بچووکەکەی سەر مێزی نووسین هەست بە دەنگێکی تر نەدەکرا، هەر چرکەیێک لە چرکەکانی سەعاتەکە وەکو ماوەی سەدەیێک وابوو. دوو پێکی تریشم تێ کرد بە هێوای ئەوەی بەڵکو هەندێ سەری گەرم ببێ و بکەوێتە قسەکردن، ئەنجامی ئەمەش هەر وەکو دوورەکەی پێشوو وا بوو. نیازم وا بوو دوو پێکی سێیەمم تێ بکەم کە لە پڕ ئەوەم بە بیرا هات: لەوانەیە ئەمجارە نەیخواتەوە، هەندێکم لە پەرداغەکە کردبوو کە دەستم کشاندەوە، بەڵام دیسانەوە بیرێکی ترم بۆ هات: خۆ ئەگەر نەشیخواتەوە قسەیێک هەر دەکا، خۆ دەڵێ، بەسە، ئیتر ناخۆمەوە، لەبەر ئەمە بوو بە گورجی هەر دوو پەرداغەکەم پڕ کرد، ئەمجارە بە تەمای ئەوە بووم تەماشایێکم بکا، هیچ نەبێ بە چاو بڵێ، فەرموو با بیخۆینەوە، بەڵام نە تەماشای کردم و نە بە چاویش ووتی با بیخۆینەوە، ئەوەی لە هەمووشی سەیرتر بێ ئەوە بوو کە لە پێش منا پەرداغەکەی خۆی هەڵقوراند و پەرداغە بەتاڵەکەی خستە سەر مێزەکەوە. ئینجا بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک و ڕوخسارێکی پڕ لە زەردەخەنەی نا ئومێدییەوە ڕووی تێ کردم و گوتی.

– سوپاست دەکەم!

بەشەرمەزارییەوە، بە بێ ئەوەی سەیری بکەم گوتم:

– من هیچی وام نەووت تا دێت بڕەنجێ، تۆ خۆت دەزانی من تۆم زۆر خۆش دەوێ.

– بەڵێ دەزانم تۆ منت خۆش دەوێ، بەڵام من لە باتی تۆ بوومایە ئەم قسەیەم نەدەکرد.

– ببوورە.

– لام وایە دەزانی کە دڵداری لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنا سەودای لەسەر ناکرێ.

– بەڵێ، ڕاستە، جا من خۆ مەبەستم ئەمە نەبوو.

– کەوابێ بۆ چ ئەم قسەیەت کرد!

– چونکە من تۆم خۆش دەوێ، بەرامبەر بە تۆ من خۆم خۆش ناوێ.

– ئەمە ئەوپەڕی خۆ خۆییە، تۆ وا دەزانی مافی ئەوەت هەیە منت خۆش بوێ، بەڵام ئەم مافە لە من قەدەغە دەکەی و دەتەوێ من تۆم خۆش نەوێ، ئای لەم خۆ خۆییە!! دەمەوێ ئەوە بزانی ئەوەی لە ژیانی پڕ ئازار و ئەندێشەی ڕابردووم مابێتەوە ئەم دڵدارییەیە، ئەمەش تۆ ناتوانی لێمی بسەنیەوە!

– تۆ دەڵێی چی! کامە ژیانی پڕ لە ئازار و ئەندێشە؟ ئەرێ پێم ناڵی تەمەنت چەندە؟

– بۆ ژیانی بەدبەختی تەمەن گرنگ نییە، دەشێ لە ژیانی منالێکی ساوای بەرمەمکان دا

هەزاران کارەسات بەدی بکرێ و لە ژیانی پیرێکی ئیفتادەی سەد ساڵەشدا ترووسکەیێک ناخۆشی نەبینرێ.

– قسەکانت جوان و پڕ مانا و فەیلەسووفانەی، بەڵام بۆ تۆ ئازادی چی کارەساتی چی؟ لێم ببوورە دووبارەی دەکەمەوە پێم ناڵێی تەمەنت چەندە؟

زەردەخەنەیێکی پڕ لە خۆبایی و قەشمەری ئامێز لە دەم و چاویا سەمای دەکرد. دەستی بۆ جگەرەیێکی تر درێژ کرد، شەپۆلی قژی درێژ لە سەر سنگە نەرم و نۆڵە مەرمەڕییەکەی شڵپ و هۆڕی بوو، دڵۆپە ووردەکانی ئارەقە وەکو مرواری لە شەوقی چرا کە دەدرەوشانەوە و بە دەم یەکتریا پێدەکەنین دەستم بۆ شقارتەکە برد و جگەرەکەم بۆی داگیرساند، ئەو خەریکی جگەرە کێشان بو، منیش بۆ قسە دەگەڕام، بۆ ئەوەی دیسانەوە بێ دەنگی باڵی بە سەرمانا نەکێشێ.

– ئەرێ جگەرە کێشان بەس نییە؟

– ببوورە ئەم جگەرەیەش دەکێشم.

پاش ئەوەی قومێکی قووڵی لە جگەرەدا، گوتی:

– پێکێکی تریشم بۆ تێکە!

بەمە زۆر بەختیار بووم، چونکە دەیویست بکرێتەوە وپەردەی بێدەنگی بدڕێ دیارە هەموو قسەیێکیشی دەرمانێک بوو سارێژی ئەو برینەی دەکردم کە لە ئەنجامی دڵگیرکردنی ئەو لە ناو دڵما چرۆی دەرکرد. لە پاش هەڵقوڕاندنی پەرداغی چوارممان ڕووی تێ کردم و وەکو مامۆستایێک پرسیار لە قوتابییەکەی بکا گوتی:

– تۆ سەردەمی مناڵیت لەبیرە؟

– بەڵێ لەبیرمە.

– ژیانت چۆن بوو؟

–خراپ نەبوو.

– کە بیر لەو کاتە دەکەیتەوە گوشادیێک دڵت فێنک دەکاتەوە؟

– بێ گومان.

– بەڵام من نا، چونکە سەردەمی مناڵی خۆم لە بیر نییە، کە دایکم بۆمی دەگێڕێتەوە موچڕکێکی کوشندە بە لەشما دگەڕێ و دەمارەکانم سڕ دەکا، باوەڕ بەوە ناکەم بە ژنێکی ڕەشی وادا ڕابردبم، بەڵکو باوەڕ بە بوونی خۆم ناکەم، چونکە گەلێک درەنگ هەستم بەوە کردووە کە من هەم، ئێستاش وا زان دەکەم تەمەنم لە دە دوانزە ساڵ تێپەڕی نەکردووە، لەم تەمەنە بچووکەدا هۆگری تۆ بووم، خەریکە ئەوەم لە بیر دەچێتەوە کە سەردەمی مناڵیم نەبووە.

***

نزیکەی دوو ساڵ بە سەر جەنگا تێپەر بوو بوو، سوپا تاوانبارەکەی ئەڵەمانیای فاشیست

هەموو گێتیی هینابووە شلەژان، بەشێکی زۆری ئەورووپای داگیر کردبوو، کەسێکی بێ ئەژماری لەم ئادەمزادەی سەر ڕووی زەوی کوشت بوو، گەلی سامانی خوندەواریی بەنرخی مرۆڤایەتی تەفر و توونا کرد بوو. ئا لەو ماوەیەدا وەکو دایکم بۆمی دەگێڕایەوە لە ڕۆژی دووەمی کانوونی یەکەمی سالی ١٩٤٠ لە خانووێک لە پاشماوەکانی سەدەی پێشوو شاری لینیگراد دا لە دایک بووم. مالەکەمان سێ ژووری تیا بوو، یەکێکیان هی هاوسێکەمان بوو، بریتی بوو لە ژن و مێردی منالێکی بچووکیان، دوو ژوورەکەی تر خێزانی ئێمەی تیا بوو، دایک و باوک برایێکی لە تەمەنی نۆ سالی.

دایکم وە نەبێ ئەوەندە دلخۆش بووبێ بە بوونی من، منی «کچی جەنگ». ڕاستە ئێمە هێشتا نەچووبووینە ناو جەنگەوە، بەلام بۆنی لاشەی ئادەمزاد کە لە ڕۆژاواوە بابۆی دەهێنایین کاسی کردبووین، کەس نەبوو گومان لەوەدا بکا کە ها ئەمڕۆ ها بەیانی، ئەم ئەژدەها بێ پەروا و نارەسەنە هێرش دەباتە سەر ئێمەش.

دایکم بەزەیی بە منا دەهاتەوە، جار جارە کە سەرنجی دەدام ئەنجامێکی پڕ سام و لەش داچلەکێنەری لە نێوچەوانما دەخوێندەوە. دەلێن کەس چارەنووسی خۆی نازانێ، بەلام دایکم و هەموو دانیشتوانی شارەکەی ئێمە لە ئاوێنەی دلە پاکەکەیانا سبەینێی خۆیان دەدی، مردن کوشتن، برین، تالان کردن قەلاچۆی خەلکی کردن، لەگەل ئەوەشا خەلکی هەموویان هەر نامرن.

هێشتا تەمەنی یەک سالەم بە بەڕێ نەکرد بوو، کە دێوی بێ ئامان وەکو هەورەتریشقە لە ناو ئاسمانی ئێمەدا دەیگرماند و دەینەڕاند، لێشاوی سوپای فاشیستەکان وەکو نەخۆشی ڕشانەوە بە خوڕ بەسەر وولاتەکەمان هاتە خوارەوە، ئادەمزاد و ئاژال و دارستان و کۆلخۆز و سۆفخۆزی ڕامالی، گەلی هەرێمی وولات داگیر کرا، پێپانە پیاو کوژەکان بە پۆتینە چەپەلەکانیان خاکە پیرۆزەکەمانیان گلاو کرد.

باوکم چووە ناو ئاگری جەنگەوە، پەیمانی لەگەل نیشتماندا کە لە ڕیزەکانی پێشەوەدا خەبات بکا. مامەی هاوسێشمان بە شوێن ئەوا چوو، گەلێکی تریش کەوتنە دوای ئەوان، نەوەکو تەنیا پیاو بەلکو ژن منالی دوانزە سێنز سالەش. ئای کە بەختیار دەبووم ئەگەر منیش لەو سەردەمەدا تەمەنم دوازە سێنزە سالی بوایە، منیش دەچوومە جەنگەوە، بەلام چی بکەم، ئەمە بە من ڕەوا نەبینرا، لەم شانازییە بێبەش بووم!

لە پاش چوونە دەرەوەی خەلکێکی زۆر، شارە ڕەنگینەکەمان ئابلۆقە درا، پێوەندیی لەگەل هیچ لایێکا نەما. دەبوو سوپا و چەک جەبەخانەی خۆی بەشی ئەم جەنگەی بکا، دەبوو خواردەمەنی ناوەوەی شارەکە بەشی هەموو دانیشتووانی بکا کە بە ملیۆن دەژمێررێن. بەم جۆرە شاری جوان بووکی سەر ڕووی زەوی کەوتە جەنگی مردن و ژیانەوە.

***

ڕۆژێ لە ڕۆژان شـار هـەندێ هێـمن بوو لە چاو ڕۆژانی تردا، دەنگی بۆمـبـا و مـەترەلیـۆز لە دوورەوە دەهات، گەڕەکەکەی ئێمە ئەو ماوەیە چوو بووە جیهانی هێمنییەوە. دایکم و ژنەکەی هاوسێمان شەش ڕۆژ بوو تامی نانیان نەکرد بوو، هەفتەی پێشوو هەر یەکێکیان چەند سەد گرامێک نانی ڕەشی وەرگرتبوو، بەلام خۆیان نەیان خواردبوو، هەر ڕۆژەی هەندێکیان دابووە بە منالەکانیان. نانەکە ئەوەندە کەم بوو بەشی دوو ژەمی نە دەکرد، بۆیە بە بێ ووچان براکەم و کوڕی هاوسێکەمان داوای نانیان دەکرد. لەبەر ئەوە هەر دوو دایک نانەکانیان بێکەوە دەشاردەوە لە جێگەیێکی وا کە منالەکان نەیانـدۆزنەوە. لەو کاتانەی کە دەبوو نانیان بدەنێ، یەکێکیان منالەکانی ژیر دەکر بۆ ئەوەی نەزانن نانەکە لە کوێیە، ئەویتریان دەچوو هەندێکی لە نانەکە بۆ دەهێنان.

ئەو ڕۆژە هەر دوو دایک ئەم هێـمنییـەیان بە هەل زانی، پیکەوە چوونە دەرێ بەڵکو نان بدرێ! براکەی منیش لە مالّ نەبوونی دایکمی پڕ بە دڵ بوو، بۆیێ، چووە کۆلان . دایکم و هاوسێکەمان ئەو ڕۆژە چوار سـەعـات لە ڕیز وەسـتـان بۆ ئەوەی نیـو کـیلۆ نانی ڕەش و سـەد گـرام شـەکـر وەربگرن. ئەم شەکرە بۆ دایکم ئەو پەڕی بەختیاری بوو، شەکر بۆ من، چونکە خۆی لە برسانا شیری نەبوو، بەلام من لە باتی شیر هەموو ڕۆژێ ئاوێکی رووتی مەمکەکانیم دەمژی. ئەو ڕۆژە گوشادییێکی ئەوتۆ گرتبووی هەر مەپرسە، هیچ نەبێ ئەمڕۆ لەباتی ئاوی مەمکەکانی هەندێ شەکراوم دەداتێ. لە ڕاستیا دایکم هیوای بە من نەما بوو کە بۆی دەژیم، بەلام لەوانەیە ئەم شەکراوە هەندێ مردنم دوا بخا. لەم کاتە بەختیاریەی دایکمدا کە شەکراوی بە کەوچک دەکردە دەمەمەوە لە پڕ زیرەی لێ هەلسا. ئەوە قەت دایکم نەبوو بۆ چەند سەعاتێک کوڕەکەی لە بیر بچێتەوە! برام دیار نەبوو، چوو بۆ کوێ؟ دایکم خۆی کردە کۆلان، بۆ مالّی هاوسێکان، بەلام کوڕەکەی لە هیچ لایێکا دیار نەبوو. کچێکی هاوسێشمان ڤالیا ناوێک لە تەمەنی براکەم ولە یەک قوتابخانە لە پۆلی دووەم پێکەوە دەیانوێخوێند ، ئەویش دیار نەبوو دایکی بە دوایا دەگەڕا .

دایکم رووی کردە گەڕەکەکانی تر، ئینجا شەقامەکانی ئەو ناوە، بەلام کوڕ دیار نەبوو. دەبێ نەچووبێتە مالّی خزمەکان، بەلام چۆن دەچێ! بە چی دەچێ؟! مالّی خزمەکان هەر یەکەی دە پانزە کیلۆ مەتر لە یەکتری دوورن، هیچ ئۆتۆمۆبیلێک و ترامویێکیش لە شارا ئیشیان نە دەکرد و کوڕەکەش خۆی مالّی خزمەکانی نە دەناسی. ئەی خوا هاوار کوڕ لە کوێیە؟ چی بەسەر هات؟ دەبێ ئەلمانەکان نەیان بردبێ؟ بەلام سوپای تاوانبار لە ناو شارا نییە، بەڵکو وەکو ئەموستیلە دەوری شاری داوە و لە ئاسمانەوە ئاگر دەبارێنێتە سەر ئەم خەلکە. ئەی دەبێ چی بە سەر هاتبێ؟! ئیتر کوڕ وون بوو نەگەڕایەوە مالّەوە، نەسبەینێ و نە دووسبەی دایکی کلۆلّم بەمە کۆستی دووەمی کەوت، باوکم لە پشت سەنگەرەکانی بێشەوەدا دەجەنگا، لە پێش وون بوونی براکەم تەنیا بیری لەو دەکردەوە. دەبێ مابێ! نا، ئێمە لە ناو شارین و ڕۆژی هەزارانمان لە برسانا سەر

دەنێنەوە، بەڵام  ئەو لە ناو ئاگرەکە دایە! لەوانەیە کوژرابێ، لەوانەشە نەکوژرابێ، خۆ ئەوانەی لە ناو جەنگن هەموویان ناکوژرێن. ئاخ! سەد هەزار تف لە ئەڵەمانە ڕووڕەشەکان، ئێستا کە ئەگەر شارەکەمانیان ئابلۆقە نەدایە، نامەم لێی وەر دەگرت، کێ دەزانێ لەوانەیە مابێ ! هەموو هەفتەیێک نامەیێکی بۆ نووسیبم و نامەکان لە مۆسکۆ کۆ بووبنەتەوە. ئاخ! خۆزگە لە مۆسکۆ دەبووم، هەموو نامەکانم وەردەگرت، بریا فڕۆکەیێکی خۆمان قارەمانانە خۆی دەگەیاندە ئێرە و نامەکانی لە ئاسمانەوە فڕێ دەدایە خوارێ!

لە دوای وون بوونی براکەم ماوەی دەرد و هەناسە ساردی دایکم فراوانتر بوو، بەڵێ مرد، مرد، لە ناو چوو، بەڵام خۆ هەر دەمرد، ئەگەر بۆمبایێکیشی بەر نەکەوتایە، بێ گومان لە برسانا دەمرد، بەڵام خۆزگە لە برسانا بمردایە، خۆ هیچ نەبێ لە سەرەمەرگا لە باتی نان ئاوم دەکرد بە قوڕگیا و گۆڕێکی بچووکیشم لە ناو باغەکەمانا بۆ هەڵدەکەند و دەمناشت.

ژوورە هەرە بچووکەکەی ماڵەکەمان بێ براکەم مایەوە. لەبەر سەرما و لە ترسی بۆمبابارانی لە هەموو ماڵێکا ژن و منداڵانی هەموو خێزانەکانی خانووەکە لە ژوورێک کۆ دەبوونەوە، بە تایبەتی لە نهۆمەکانی ژێرەوە، بۆیێ ماڵی ئێمەو هاوسێکەمان لە ژوورە بچووکەکەی ئێمەدا دەخەوتین، لەسەر عەرز چونکە گەرمتر بوو، ڕووناکیشمان هەر نەبوو.

ساردی زستانی سالانی جەنگ بە دەگمەن لە مێژووی وولاتی ئێمەدا ڕووی داوە، بۆیێ بەبێ بەزەیی دایکم و هاوسێکەمان بە شەوانی زستان مێز و کورسی و قەنەفەیان دەسووتاند و لە ڕاستیشدا شتێکی بێ کەڵک بوون، چونکە نەدەکڕان و نەدەفرۆشران، ئەوەی بێ نرخترین شتیش بێ پارە بوو، چونکە شت چنگ نە دەکەوت کە بە پارە بکڕدرێ، کەسیش نانی بە شتومەک نە دەگۆڕییەوە، تەنیا ئەوە ناڵێم مامەی مۆسیقای هاوسێمان نەبێ هەندێ نانی بەپیانۆیێک کڕی مامەی مۆسیقا مرۆڤ بوو، ناچار بوو بۆ ژیان پیانۆ کە بفرۆشێ، بەڵام ئەوەی پیانۆکەی لێ کڕی بە نانەکە یەکێکە وەکو ئەڵەمان هیچ جیاوازێکی لەگەڵ ئەوانا نییە، ئەوەندە هەیە لە ژێر ناوی هاوولاتی ئێمەوە خۆی شادبووە. بەڵام داخی گران بۆ مامەی مۆسیقا، نانەکە تەنیا دوو ڕۆژ مردنی دواخست.

***

شەوێک لە شەوانی زستان، سەهۆڵ بەندان بوو، دەرەوە ئەوەندە سارد بوو تف لە ناو دەما دەیبەست. پیر و منداڵ و ئافرەت خزابوونە ناو یەکتری لە نهۆمی ژێرەوەی خانووەکەمانا. لە پڕ وەکو کێچ داچڵەکین لەو کاتانەی کە گرم و هۆڕی بۆمبا دەیتۆقاندن. ئەوە ڕاستە هیچ تیشکێکی رووناکی لە شارا بەدی نە دەکرا، بەڵام شار ڕووناک و شلەژاو بوو بە هۆی بۆمبا باران وەکو هەورەترشقە ئەرزو ئاسمانی شارەکەمانی هێنابووە لەرزین. من و کوڕەکەی هاوسێمان لە نێوانی هەر دوو دایکا پاڵ کەوتبووین خۆمان بە سنگیانەوە نووساندبوو بۆ ئەوەی گەرممان ببێتەوە،

لەگەڵ هەر گرمەیێکا ئێمەی هەر دوومناڵ زیاتر خۆمان دەقرمساندە ناو لەشی دایکمانەوە.

لەو کاتە درەنگەدا، کە دەڵێم درەنگ مەبەستم ئەوەیە کە شەو بوو، چونکە شەو و ڕۆژمان لە یەکتری جیا نە دەکردەوە، لەو لاوە بەرانبەرماڵەکەمان، لە پڕ ئافرەتە گەنجە هاوسێکەمان زیڕەی لێ هەڵسا، بە کوڵ دەستی کرد بە گریان و لاوەندنەوە. بۆ هاوسێکان ئەمە شتێکی سەیر نەبوو، دەبێ کۆرپە پێنج ساڵی یەکەی بێ و لە برسانا سەری نابێتەوە، سەبارەت بەوە بوو کە ژنەکانی هاوسێ هەڵسان و چوون بە هانای دەستە خوشکەکەیانەوە، هەر یەکە پارچە نانێکی بە دەستەوەبوو، پۆلێ ژن خۆیان کردە ژوورەوە، مناڵە هێشتا نەمرد بوو، بەڵام لە سەرەمەرگا بوو و گیانی دەدا. ژنێکیان بە زۆر هەوڵی دەدا نان بئاخنێتە قورگی مناڵەوە، بەڵام بێ سوود، چونکە مناڵەکە دەمێک بوو ناوی لە دەفتەری شاری مردووان تۆمار کرا بوو.

دایکم هەموو ڕۆژێ یەک دیمەنی وای دەدی، مردن لە برسانا، نە وەکو تەنیا مناڵ و پیر، بەڵکو ژنی گەنجیش. وەها بە مردن ڕاهاتبوو شتێکی سەیر نەبوو لەلای. چاوەڕوانی ئەوە بوو سەرەش بێتە سەر من، لەمەدا گومانی نەبوو و ژنەکەی هاوسێشمانی ڕاسپارد بوو ئەگەر بێت و دایکم لە پێش منابمرێ، جێگەیێک، واتە گۆڕێکی دیار کرد بوو لە ناو باغەکەمانا کە تیایا بینێژن لە پاشانا منیش بخەنە تەکیەوە. ئەگەر مردنیش ماوەی باوک و براکەمیدا ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێنەوە گۆڕەکەیان پێ پیشان بدەن.

***

جەژنی سەری ساڵ نزیک بوو بوو، ئەو ساڵە گەلێ سارد و ووشک بوو، خەڵکی ووڵاتی ئێمە حەز بە زستانی سارد و ووشک دەکەن، بەتایبەتی لە دەور و بەری جەژنی سەری ساڵدا، ئەگەر جەنگ و برسێتی و نەخۆشی و پەژمودەیی نەبوایە، جەژنی ئەو ساڵەمان گەلێک خۆش دەبوو.

بیرەوەریی جەژنەکانی سەری ساڵانی ڕابردوو، وەکو خەوێکی شیرین دەهاتەوە یادی خەڵکی. ڕۆژێ پێش جەژن شەقام و کۆگاو دوکانەکان یەکێکی تریان نە دەگرت، وەکو شارە مێرووله ئەم هەموو خەڵکە لە بزووتنەوەدا بوون، کەس نەبوو شتومەک نەکڕێ، چونکە کەس نەبوو کار نەکا و ئەو شتانەی دەیانکڕین وەکو یەک بوون. هەموو خێزانێکیش درەختێکی سەوزی سنۆبەری بە دەستەوە بوو، دەیبرد بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بڕازێنێتەوە، بە ئینجی و مووروومی ڕەنگا و ڕەنگ، بە چوکلێت و گوڵی لە کاغەز دروست کراو، بە مۆم و گڵۆپی بچووکی هەمە ڕەنگ.

بێ پشوو دان خەڵکەکە لە هاتوچۆدا بوون، لەبەیانییەوە تا سەعات یانزەی ئێوارە. هەموو شوێنێک قەلەباڵغ بوو، کۆگاکان، بازاڕەکان، تەراشخانەکان و گەرماوەکان، هەرچی لە گیرفانی خەڵکەکە دا بوو دەکرا بە خواردن و خواردنەوە و دەخرایە سەر مێز، ئینجا بە لە دایک بوونی ساڵی تازە، واتە سەعات دوانزەی شەو جەژنی سەری ساڵ دەستی پێ دەکرد تا بەیانی دەخایاند شەویان دەکرد بە ڕۆژ ڕۆژیش دەحەسانەوە.

سێ ڕۆژ مابوو بۆ جەژنی سەری ساڵ، مژدەیێکی خۆش بڵاو بووەوە، جەژنانەی ئەو ساڵە وەکو هیچ جەژنانەنێک نەبوو، نرخی هەر تەواو نابێ. لە ساڵانی پێشوودا سەرۆکی وڵات کە پیروزبایی لە هو وولاتییان دەکرد بە هۆی جەژنی سەری ساڵەوە جەژنانەشی پێشکەش دەکردن، کەم کردنەوەی نرخی خواردەمەنی و شتی پێویستی مرۆڤ. بەڵام لەو ساڵە تەنگادا گوتیان پەتاتە هاتووە، بە هۆی جەژنانەوە بە سەر خەڵکیدا دابەش دەکرێ، دەیانگوت:

هەر ماڵەی کیلۆیێکی بەر دەکەوێ. لە ڕاستی دا مژدە لەمە خۆشتر هەر نەبوو، جەژنی سەری ساڵ بە پەتاتەوە، لەوە پیش هەر نان بوو ئەویش نەوەکو هەموو ڕۆژێک.

پەتاتە بە سەر خەڵکیدا دابەش کرا، خۆ کەسیش ناوکی پەتاتەی لە توێکڵەکەی جیا نەدەکردەوە، تەنیا بە ئاو دەشۆرایەوە، ئێنجا دەکوڵێنرا.

دایکم و هاوسێکەمان و چەند هاوسێی تری گەرەکەکەمان بڕیاریاندا ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵ پێکەوە بکەن، هەر یەکە دوو سێ قل پەتاتەی دانا، هەندێکیان کوڵاند، هەندێکی تریشیان پاش کوڵاندن کرد بە هەویر، دوو بابەت خواردنیان لێ دروست کرد، بە سوورەوە کراوی بۆیان نەکرا چونکە ڕۆن نەبوو، بە شۆربایی بۆیان نەکرا چونکە گۆشت نەبوو. بەم جۆرە پەتاتەیان لە سەر مێزەکە ڕیز کرد. تەنیا پەتاتە، نە ڕۆنی کەرە و پەنیر، نە ماسی و نەگۆشت، نە نانی ڕەش، نە ڤۆدکا و شەمپانیا. لە پێش سەعات دوانزە بە چەند دەقیقەیێک ژنێک لە ژێر کراسەکەیەوە شووشە یێکی بچووکی هێنایە دەرەوە، شووشەکە هەندێ شەرابی تیا بوو، لە دەمێکەوە بۆ ئەو ڕۆژە هەڵگیرا بوو.

ئەم خەڵکە هەژرە پێشوازی ساڵی تازەیان کرد، دەمیان بە شەراب تەڕ کرد، زگیان بە پەتاتە گەرم کرد، بە یادی ئ[وەی لە ساڵی داهاتوودا هەر چیێکی لە سەر مێزەکە دا نییە بێتەوە سەری و هەر کەسێکی لە دەوریشیا نییە بگەڕێتەوە بۆ لای.

بەڵام ئەمە هیوا بوو، هیوای ڕووت، تا دەهات ژیان سەخت تر دەبوو، قەدەر بێ بەختانە چڕنووکی لە سنگی ئەم ئادەمزادە بێ تاوانە گیر کرد بوو، گەنج و لاو لە مەیدانکانی جەنگا دەکوژران، لە بەندیخانەکانا هەڵدەواسران، مناڵ و ژن و پیر لە شارا لە برسانا دەمردن. نان بۆ برسی و چەک بۆ سوپا ڕۆژ لە دوای ڕۆژا کەم دەبووەوە، بەڵام شاری قارەمانیش هەر خۆی نە دەدا بە دەستەوە، چونکە نەوەکو تەنیا بڕیاری ئەوەی دابوو بە کوشتنی دوا دانیشتووی شارەکەمان ئەڵەمان دەتوانێ بە تەواوی داگیری بکا، بەڵکو بە لە ناو بردنی دوا هاووڵاتی وولاتەکەمان ئینجا دەتوانێ بێتە ناو شارەوە.

لە چەژنی سەری ساڵی ئەو ساڵەدا ئامانجی خەڵکەکە ئەوە بوو لە چەژنی سەری ساڵی داهاتوودا هەموو شتێک بێتەوە دۆخی جارانی، بەڵام بەستەزمانانە نەیاندەزانی لە چەژنی داهاتوودا ئەو پەتاتەیەش نابێ، ئەم دوو سەد گرامە نانەش نامێنێ، وە نەک ئەوانەی کە لە پار لە

دەوری مێزەکە نەبوون دەگەڕێنەوە، بەڵکو ئەوانەی لە دەوری مێزەکە بوون زیاتر لە نیوەیان دەچنە ژێر گڵەوە بۆ لای میلیۆنەهای لە ڕێگەی سەربەرزی نیشتیمانەوە سەریان نایەوە.

***

لە تەمەنی سێ ساڵی دا لەبەر لەڕی و لاوازی و بێ هێزی، هێشتا نەمدەتوانی وەکو منداڵی ئەو تەمەنە لەسەر پێ بوەستم و پێڕۆکە بکەم. ترسی ئەوەش لە دایکی کلۆڵما نیشتبوو لەوانەیە گەورەش ببم هەروا بمێنتەوە، چونکە ئەگەر لە مناڵییەوە مەشقی لەسەر پێ وەستان و ڕۆیشتن نەکەم دەشێ بە درێژایی ژیانم هەر بە دانیشتوویی بمێنێتەوە.

ڕۆژێکیان بەیانی کە دایکم لە خەو هەڵسا چاوی بە دیمەنێکی ناڵەبار کەوت، دەبێنێ هەر دوو چاوم سپی بوون و دەستە کوتێ دەکەم. بە بزووتنەوەکانما هەستی بەوە کرد کە بینایی چاوم ڕژاوە، ئەوەندە سووی بووەوە چاوی بەرایی نەهات لێم بپرسێ، ویستی بە شێوەیێکی تر تاقیم بکاتەوە.

– کچە خۆشەویستەکەم کراسەکەت پیس بووە، دەی با جلت بگۆڕم، ئەها! بزانە ئەم کراسە جوانەم بۆت درووە، ڕەنگەییت لا جوانە؟

– دایە هیچ شتێک نابینم، هەموو شتێک لەبەر چاوم هەر ڕەشە.

– چاوت دێشی؟

– چاوم نایێشێ، بەڵام هیچ نابینم.

فرمێسکی ژیانی پڕ لە ئەندێشە و ناسۆر بە چاوی دایکما هاتە خوارەوە، گرتیمە باوەشی، نامی بە سنگییەوە: هیوا و ئامانجم لە ژیانا هەر تۆی، با لەڕ بی، با لاواز بی، با کوێر بی، با ئیفلیج بی، بەڵام هەر مەمرە.

ئارام گرتن لە ووزەی کەسا نەما بووم، برسیەتی بە تەواوی شارەکەمانی شڕ کردبوو، گۆشتی سەگ و پشیلەش چنگ نە دەکوت. مردوو ناشتن بوو بووە تەنگوچەڵەمیێکی گەورە بۆ دانیشتووانی شار. میری کەوتە خۆ بۆ ڕزگار کردنی خەڵکی لە بێ نانی. ئەمەش دیار بوو تەنیا بەوە دەکرا خەڵکەکە بە نهێنی ڕزگار بکرێن بۆ ناوچەکانی تری وولاتەکەمان، ئەو جێگە هێنمانەی کە جەنگیان تیا نییە و نانیان تیا چنگ دەکەوێ. لای باکووری شارەکەمان ئومێدی ئەوەی لێ دەکرا بە شەو هێڵی جەنگی ئەڵەمانەکان ببرڕێ و خەڵکی ڕزگار بکرێن بۆ دەرەوەی شار، سەبارەت بەوە بوو بە هۆی ڕێکخراوەکان بە خەڵکی گەیێنرا خۆیان ئامادە بکەن بۆ شتێکی وا بە تایبەتی پیر و ئەو ژنانەی منداڵی بچووکیان هەیە.

شەوێکیان لە کاتێکی درەنگا، چەند سەربازێکی خۆمان خۆیان کرد بە حەوشەکەمان و بە خانووەکانا گەڕان و خەڵکەکەیان ڕاسپارد خۆیان ئامادە بکەن. لەسەر شەقامی پێش ماڵەکەشمانا چەند ئۆتۆمۆبیلێکی سوپایی وەستا بوون، بە خەڵکەکە گەیێندرا کە بە بێ دەنگی و

بە ئەسـپـایی بچن بۆ ناو ئۆتۆمـۆبیلەکـان، گـەلێکی خـەڵکی ئەو ناوە بە تایبـەتـی ژنی پیـر و منـاڵ روویان کردە ناو ئـۆتـۆمـۆبیلەکان. بـەڵام دایکم بڕیاری ئەوەیدا کـە خـۆی نەچێ و تەنیا مـن بنێرێ، چونکە زۆرباش دەیزانی ئەگەر لە شـار بمێنمـەوە بێ گـومـان لە دەست مـردن ڕزگـاریم نـابێ، بە چوونە دەرەوە لە شار هیوایێک دەمێنێ، ئەگەر ئەم هەموو ئادەمزادە شتێکیان بە سەرا هات ئەوا با منیش لەگەڵیانا بم، خۆ ئەگەر ڕزگاریش بین مردنمان لێ دوور دەکەوێتەوە.

من بە باوەشی دایکمەوە بووم، بەرەو ئۆتۆمۆبیلەکە دەیبردم، لەوێ رووی کردە سەربازێک.

– من دایکی ئەم کچە کوێرەم، نامەوێ شاری خۆشەویست بەجێ بهێڵم، ئەگەر ئەم شارە مرد با منیش لەگەڵیا بمرم، یا خود با ببمە قوربانییێک بۆ ئەوەی شار بمێنێتەوە بۆ مێرد و کوڕ کچ و ئەم هەموو هاو وولاتانەی تر، با جارێکی تر بە ئاسوودەیی لـە شارە ڕەنگینەکەیانا بژین، بە ڕۆیشتنی ئەم کچەم ئەرکی سەر شانم هەندێ سووکتر دەبێ و دەتوانم لەسەر خەباتی خۆم بڕۆم.

سـەربازەکە هەندێ دامـا، ئەم قسـانەی دایکم شـانازی و پاڵەوانیـەتی سـەربازی لاوی بە هێز تر کرد، رووی کردە دایکم و گوتی:

– باشە، لە سـەر پارچە مقەبایێک ناوی کچـە و باوکی و بنەماڵەی بنووسە، لەگەڵ نـاوونیشـان ی مـاڵەوە و ڕۆژی لە دایک بوونی، ئنجا بە پەتێکەوە بیبەسـتـەو وەکو قەلەتە بیکە بە ملی کـچـەکەوە. ئێمـە دەیبـەین، بێ گومان لە دوا ڕۆژێکی نزیکدا بە چاو سـاغی و تەندروسـتـییـەوە دەگـەڕێتـەوە بۆ لات.

دایکی بێ هێز و توانا و کەساسم لە پێش ئۆتۆمۆبیلەکەوە وەستا بوو، منی نابوو بە سنگییەوە، مـاچی دەکردم، بۆنی دەکردم، هەڵی دەلووشـیم. چاوەڕوانی ئەوە بـوو بە تەواوی ئۆتۆمـۆبیلەکان پڕ بن و بکەونە بزووتنەوەی. لە پاش مـاوەیێکی کەمـدا من کۆچکەری ڕێی هـات بووم. سـەربازەکە منی لە دایکم سەند و دامی بە ژنێک لەژنـەکانی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە. ژنەکە تەماشایێکی منی کرد، ئێنجا رووی وەرگێڕا بۆ لای دایکم.

– ئەمەش وەکو کچی خۆم وایە.

دڵۆپێک فرمێسک بە رووی هـەر دوو دایکدا هـاتە خوارەوە، ئۆتۆمـۆبیلەکان خـەریک بـوو دەکەوتنە بزووتنەوە، لە پڕ دایکم هەندێ نانی لە باغەڵیا دەرهێنا و بە سـەربازەکەی گوت:

– باوکم بە ساقەت بێ، هـا ئەوا هەندێ نان، بۆ کچەکەم، بۆ یەکەمین جـار بیدەنێ، هێشـتـا فێری نان خواردنم نەکردووە، چونکە نانمان نەبووە، تەنها شیری مەمکەکانمی خواردۆتەوە.

– دایە! ئەم نانە بـا بۆ تۆ بمێنێتـەوە، ئێمـە نانمان هەیە. بـەڵام لە دڵی خـۆیا دەیگوت: هیـچمـان نییـە، یا ئەوەتە ئـەم هەمـوو خـەڵکەکە لە ناو دەچن، یا ڕزگـارییـان دەبێ بۆ دەرەوەی شـار کە نانی لێیە.

***

گرم و هۆڕی نارنجۆک و بۆمبا له هەموو لایێکا دەهات. کە ئۆتۆمۆبیلەکانمان لە دەنگی تۆپ نزیک دەبوونەوە مەترسی لەشی هەموو کەسێکی دادەچڵەکاند، هەندێ جاریش دەنگ لە دوورەوە دەهات.

کاروانی ئۆتۆمۆبیلی سوپایی گەیشتە ئێستگەیێکی شەمەندەفەری فەراغ شار. شەمەندەفەرێکی کۆن لەو ناوەدا وەستا بوو، لە هەموو لایێکەوە خەڵکی بۆ دەهات، خەڵکەکە هەموویان وورووژا بوونە ناو یەکتری، کەسیش نەیدەگوت بەسە و جێگە نەماوە، تا خەڵکی زۆر بن ناو شەمەندەفەرەکە گەرمتر دەبێ و کەسیش نایەوێ تەنیا خۆی ڕزگاری ببێ.

بە بێ فیکە لێدان شەمەندەفەرەکە کەوتە بزووتنەوەی، فەرمان بۆ هەموو لایێک دەچوو بوو کە دەبێ بێ دەنگ بن و هەست و نەست لە خۆیان ببڕن، بە تایبەتی ژنەکانیش دەبێ مناڵەکان ژیر و دابین بکەن. شەمەندەفەر لە فەراغ شار نزیک بووەوە، ناوچەی مردن، سنووری فاشیستەکان. بڕیاری ئەوەیاندا کە بە هێزی هەوایی شەمەندەفەر هەلا هەلا بکەن، بۆمبا بارانێکی بە هێزیان کرد، دوو فارگۆنی شەمەندەفەرەکە بە خۆی و خەڵکەکەوە هەپڕوون بە هەپڕوون بوون و شەمەندەفەرەکە وەستا. هێز و بازووی سەرباز و ژنەکانی ناو شەمەندەفەرەکە دوو فارگۆنە شکاوەکەیان لە شەمەندەفەرەکە پچڕاند، فارگۆنەکانی تر لەسەر ڕێگەی ئاسن دەرنەچوو بوون. داخی گرانم ئەو خەڵکەکە کە شەهید بوون هەموویان لە دانیشتووانی گەڕەکەکەی خۆمان بوون.

لە شار دەرچوون تەگەرەی هەرە گرنگی ئەم کۆچەمان بوو، بۆیی بە درێژایی هەفتەیێک تەنگوچەڵەمەیێکی ئەوتۆمان نەهاتە ڕێ. شەمەندەفەرەکەمان بەو ناوچانەدا تێدەپەڕی کە هێشتا ئەڵەکان داگیری نەکرد بوون. لە ڕێگاش پەیتا پەیتا لە هەموو شارو دێهاتێکی کە پیایا تێدەپەڕین، خەڵکەکە بە پیرمانەوە دەهاتن، بە نرخترین دیارییان نان بوو، لە هەندێ جێگەش دا لەگەڵ نان پەنیر و شیریان بۆ دەهێنایین.

لە هەندێ ئێستگەکانی سەر ڕێمانا دایکی دووەمم لە باوەشی دەکردم و دەیبردمە دەرەوە، خەڵکی بەزەییان پێما دەهات، کوێر و دانیشتوو، هی واش هەبوو داوایان لە دایکم دەکرد کە بۆیانم بەجێ بهێڵێ. لە هەندێ ئێستگەی تریشدا دایکم لە فارگۆنەکە نەیدەهێنامە دەرەوە. بەم جۆرە لە پاش هەفتەیێک گەیشتینە شاری تاشقەند، لە ئەوروپاوە بۆ ئاسیا، بەڵام هەمووشی هەر وولات و خاکی خۆمانە.

گەلێ لە دانیشتوانی شاری تاشقەند بە پیرمانەوە هاتبوون، زیاتری ئەو خەڵکەکەش ئەو ژن مێردە دڵسۆزانە بوون کە کوڕی لاویان لە هێڵەکانی جەنگا خەبانەتیان دەکرد لە پێناوی سەربەرزی و ئازادی نیشتیمان. مناڵ چنگ نە دەکەوت، بە تایبەتی ئەو مناڵانەی کەسیان نەبوو، باوەڕ بکەن شەڕیان لە سەرا دەکرا.

لە ئێستگەی شەمەندەفەری شاری تاشقەندا خەڵکێکی زۆر لەسەر منا کۆ بووبوونەوە، کە لە

دایکمیـان دەپرسی من کـچی ئەووم! دەیگوتک: نـا. مشت و مڕ. ژنێک هەوڵیدا بە زۆر من لە دایکم بسێنێ، گوتی:

– ئەمە کچی خۆمە و دەیبەم!

ژنێکی تر لەولاوە هاتە پێشەوە، چاوی پڕ بووبوو لە گریان، بە دەم هەنسکەوە ڕووی کردە ژنەکە.

– چۆڕێ دڵسۆزیت ببێ،ئەمە هەفتەیێکە بە چاوی خۆت دەیبینی لەم ئێستگەیەدا کەوتووم، بۆ ئەوەی منالێکم چنگ بکەوێ، بمیدەرێ، خوا کارت ڕاست کا.

– ئەمە ئیتر خۆمە، منیش وەکو تۆ، خۆ من ئەلەمان نیم!

دایکی دووەمم ناوونیـشانی دایکی سێیەمی وەرگـرتم. ئیتر دایکی سێیەم لە باوەشی کردم و ناهی بە سنگییەوە، لەگەڵ مێردەکەی دا بە ڕا کردن لەم حەشاماتە دەرچوون بەرەوماڵەوە.

لە ڕێگەی ژنەکە مقەباکەی ملمی بۆ مێردی دەخوندەوە، بەدەم ئەمەوە ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی:

– پیاوەکە ئەم منالە لە برسانا وا لەڕ و لاواز و کوێر و دانیشتوو بووە، گومانم لەوەدا نییە بەم زووانە دێتەوە سەر خۆی، پێ دەگرێ و و چاویشی  دەکرێتەوە.

وەستا عەلی جان و مەملەکەت خانمی ژنی، خەڵکی تاشقەند بوون، وەستا عەلی لە فەبریقەیێکی دارتاشی کاری دەکرد، هێشتا هەر لە خانووە کۆنەکانی شاردا دەژیان. کوڕێکی لاوی بیست و یەک ساڵەیان هەبوو ناوی حەکیم بوو، قوتابی زانستگای ئاسیای ناوەڕاست بوو، کتێب و دەفتەرەکانی لە ماڵەوە  بەجێ هێشتبوو وەکو هەزارانی تر چوو بووە ناو ئاگری جەنگەوە. ناوە ناوە نامەی بۆ دایک و باوکی دەنووسی.

لە پاش چوار پێنج مانگ هاتمەوە سەر خۆ، بەرە بەرە پێم گرت و دەستم کرد بە ڕۆیشتن، چاویشم کرایەوە. دایکم هەموو شتێکی لای خۆیانی بۆ دەگێڕامەوە، هەموو شتێکیشی لێ دەپرسیم لە بابەت لینینگرادەوە بەڵام نەمدەتوانی وەرامی بدەمەوە، چونکە هیچم لە بیر نەبوو و هیچیشم نە دەزانی، تەنیا ئەوە نەبێ کە سێ دایکم هەیە، یەکێکیان لە لینینگرادە، ئەویتریان هەفتەیێک لە ناو شەمەندەفەرەکە لەگەڵیا بووم، وە مەملەکەت خانم کە لەوانەیە دەبێ بە دایکی ڕاستەقینەم.

***

ئینجا با بێمەوە سەر باس و خواسی دایکی لینینگرادم.

دایکم بە هیوا دەژیا، بەڵام هیوایێکی هەناسە سارد، باوکم لە جەنگا بوو، نەیدەزانی لە کوێیە؟ لەچی ناوچەیێک ؟  ماوە یا خود مردووە؟ سەر و سۆراغی براکەشمی نەدەزانی، زیاتر وای زان دەکرد کە نەماوە منیش کە ڕۆیشتم دیسانەوە نەیدەزانی ئایا لە شار چووینەتە دەرەوە یا نا؟ چونکە لەشار چوونە دەرەوە کارێکی گەلێک قورس بوو، دەی ئەوا لە شاریش چووینە دەرەوە، بەڵام

بۆ کوێ دەچین؟!

بەم ڕەنگە دایکی ناڵەبارم تەنیا مایەوە، نە مێرد، نەکوڕ، نە کچ. سوێندی خوارد تا تنۆکێک خوێن لە ناو دەمارەکانیا مابێ دەبێ خەبات بکا و بجەنگێ، شار بەدەستەوە نەدا و دەبێ بیکا بە گۆڕستانی فاشیستەکان.

تەنیایی دایکم لە لایێکی ترەوە جێگەی گوشادی بوو بۆی، بە ڕێکوپێکی دەیتوانی ئەرکەکانی سەر شانی بهێنێتە دی، هەموو جۆرە خەباتێکی تاقی کردەوە. کە بەیانی لە خەو هەڵدەسا خۆشی نەیدەزانی ئەو ڕۆژە چی کارێکی بێ دەسپێررێ. پەیامنێری بۆ پاتیزانەکانی ناو شار دەکرد ئەوانەی هەمیشە هێرشیان دەبردە سەرو سەنگەرەکانی ئەڵەمانەکان، لە تیپەکانی تەندروستیدا برین پێچ بوو، لەو فابریقانەی کە چەک و نارنجۆکیان بۆ پارتیزانەکان دروست دەکرد کرێکار بوو. سەرپەرشتی ناشتنی هەموو ئەو مردووانەی دەکرد کە لە گەڕەکە کەمانا لە برسانا دەمردن، هەمیشە تفەنگیشی بە شانەوە بوو.

***

هێزی تاریکی کەوتە لێژییەوە، فاشیستەکان خۆیان لەبەر گورزی مرۆڤایەتیدا ڕا نەگرت، سوپا تاوانبارەکەی ئەڵەمان لە هەر چوار دەوری جیهانەوە بە سەر شۆڕی و شەرمەزاری پشتیان لەگەڵ و ڕوویان لە ئەڵەمانیا گەڕانەوە، بەڵکو بەرەو شاری بەرلین کە دەیانویست بیکەن بە پایتەختی هەموو گێتی.

پێش ئەوە ئەڵەمان خۆی دا بدا بە دەستەوە، شارە نازەرەکەمان ئازاد بوو، بەڵام گەلێکی خەڵکی شارەکەمان بە ئاهەنگی سەرکەوتن شاد نەبوون، زۆر تریش هێزی ئەوەیان تیا نەمابوو نان بخۆن و بێنەوە سەر خۆیان، لەبەر ئەوە نان بە هانایان نەگەیشت و لە برسانا سەریان نایەوە.

لە پاش ئەوەی کە شار کرایەوە، خەڵکەکە کەوتە خۆ، کەسی وا نەبوو کە چاوەڕوانی نامە نەبێ، چونکە کەسی وا نەبوو یەکێکی لە جەنگا نەبێ. نامە! بەڵێ نامە! شتێکی گەلێک قورس بوو، کارەساتێکی جیگەر بڕ بوو. ئەو نامەنەی بۆ خەلکەکە دەهاتن دوو بابەت بوون، بەشێکیان ئەو نامانە بوون کە یەکسەر لە نووسەرەکانیانەوە دەنێرران، مژدەی ژیان و مانی ئازیزەکانیان دەهێنا، بەڵام بەشەکەی تر ئەو نامانە بوون کە میری دەیناردن بۆ کەس و کاری کوژراوەکە، لە ناو هەمووشیانا ئەمە نووسرابوو: «لە ڕێگەی پاراستنی نیشتمانا پاڵەوانانە شەهید کرا».

پۆستە چییەکان نامەی مردنیان بە شەو دەهێنا یاخود لەکاتی وادا کە خەڵکی چاویان لێ نەبێ و دەیانخستنە ناو سندووقی پۆستەی ماڵەکانەوە.

دایکم بە کوڵ چاوەڕوان بوو، وەکو لەسەر ئاگر دانیشتبێ وا بوو. دەبێ نامە وەرگرێ، دەبێ هەواڵێک هەر ببێ، لە مێردەکەی، لە کوڕەکەی لە کچەکەی، لەبراوخزم و کەس و کارەکانی مۆسکۆ و ئۆکرانیاو بێلۆڕووسیا. نەخۆشی نامەی گرتبوو، ئەم نەخۆشییە ناخی دەروونی سمی بوو، هەر

کە چاوی بە پۆستەچی دەکەوت دڵی دەخورپا، هەر کە دەستی بۆ سندووقی پۆستەی ماڵەوە درێژ دەکرد دەستی سڕ دەبوو، تەزووی مردن بە هەموو لەشیا دەگەڕا، لەبەر ئەوە بوو لەم ماوەیەدا لە پۆستەچی و سندووقی پۆستە دەترسا وەکو ئەڵەمانەکان دەهاتنە پێش چاوی هەندێ جاریش خووی دەگرت و لە خۆ دەچوو!

هەواڵی مردن، هەواڵی ژیان بۆ گەلێک لە هاوسێکانمان هات، بەڵام بۆ دایکم هیچ نەبوو! دەبێ هەموویان نەمردبن، نا! ئەگەر مردبن دەبێ هەواڵێک هەر ببێ، ئەگەر مابن دەبێ هەواڵێک هەرببێ!

دایکم هەناسە ساردم ماوەیێکی زۆر چاوەڕوانی نامە بوو، تا ڕۆژێک لە ناکەو نامەی گۆرین، نامەی مردن و ژیان لە ئۆکرانیاوە هات. نامەکە لە لایەن براژنییەوە نێررا بوو، مژدەی نەمردنی باوکمی تیا بوو، لەم ماوەیەدا نامەی بۆ ئەوان نووسی بوو، بەڵام بۆ دایکمی نە ناردبوو چونکە دەیزانی شار ئابلۆقەو دەورە دراوە ناردنی نامە بێ سوودە. هەواڵی کوشندە، فاشیستەکان دوو خاڵمیان زیندە بە چاڵ کردووە، چەند خزم و کەسێکی تریشمانیان سووتاندوون و هەڵواسیوون لە بنەماڵەی ئۆکرایناممان لە پەنجا و چوار کەس تەنیا دوانزە کەس مابوونەوە، لەمانەش دووانیان شێت و سییاننیان شەل و کوێر بوو بوون.

دایکم چاوەڕێی ئەو بوو کە باوکم بگەڕێتەوە یا خود نامەی بێ، بەڵام نە خۆی و نە نامە لە هیچ لایێکەوە دیار نەبوون. هەموو ڕۆژی دایکم لەگەڵ خەڵکێکی زۆری شارەکەمان دەچوونە پێشوازی ئەو شەمەندەفەرانەی سەربازیان دەهێنایەوە شار، هەموو ڕۆژێکیش بە نامرادی دەگەڕایەوە. جاری وا هەبوو یەک دوو ڕۆژ لە ئێستگەی شەمەندەفەر دەمایەوە.

چاوەڕوانی دایکمی پەژمردە کرد، لە پەل و پۆ کەوت و هێوای بڕا، وای بە دڵا دەهات کە باوکم دەبێ کوژرا لەوانەیە خاڵۆژنەکەم بەزەیی پێداهاتبێتەوە بۆیی هەواڵی مردنی باوکی بۆ نەنووسبێ ، یا خود لەوانەیە پاش ناردنی نامە بۆ ئۆکرانیا ئینجا کوژرابێ، خۆ نابێ سەرباز تەنیا لە سەرەتای جەنگا بکوژرێ!

لەم کاتەدا ڤالیای کیژۆڵە وون بووەکەی گەڕەکەکەمان بە کوێری و شەلی و گۆجی گەڕایەوە. کچەکە وای گێڕایەوە کە ئەو ڕۆژەی وون بوون، لەو ڕۆژەدا هەموو مناڵەکانی ئەو ناوچەیەیان کۆ کردەوە و بردیانن بۆ ناوچەی کیرۆڤسک، لە ڕێگا شەمەندەفەرەکە بۆمبا باران کرا، لە ئەنجامی ئەمەوە گەلێک لە مناڵەکان کوژران، زۆریشیان بریندار بوون. ئینجا کچەکە گێڕایەوە کەلە پاش ئەم کارەساتەی شەمەندەفەرەکە لەگەڵ لیۆنیدی براما لە یەکتری دابڕان لە پاش ئەمە نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە! لەوانەیە مابێ، چونکە خەڵکەکەی ناو شەمەندەفەرەکە هەموویان لەیەک جێگە نە دەژیان. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی دایکم دەست لە براکەم بشوا، چونکە ئەگەر لە ژیانا بووایە ئەویش وەکو ئەم کچەی هاوڕێی دەگەڕایەوە!

ڕۆژێکیان کچێکی تری هاوسێی ماڵی پوورم لە دەرەوەی شار بوو و گەڕابووبووەوە، باسی ئەو

مناڵانە دەکا کە لە یەک شوێن دا پێکەوە ژیا بوون، دیار بوو لیۆنیدیش یەکێک بوو لە هاوڕێکانی ئەم کچە. کچە دەڵێ: لیۆنید ماوە و لەگەڵ تاقێکی ترا ئەوانیش بەم زووانە دەگەڕێنەوە. هەواڵ بە دایکم گەیشت، گورج خۆی ئامادە کرد کە بچێ بۆ لای براکەم و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە. لەم کاتەدا بۆ ماوەیێک بیری لە باوکم نەدەکردەوە، ئەو ئێوارەیە نەچووە پێشوازی ئەو شەمەندەفەرەی کە سەربازی دەهێنایەوە شار، بەڵکو رووی کردە ئێستگەیێکی تر بۆ لای براکەم.

دایکەم لە ئێستگە بوو کە باوکم گەڕایەوە ماڵەوە، دەبینێ کەس لە ماڵ نییە، سەری لەمە سوڕ نامێنێ، شتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر هەموویان لە بۆمباباران یا لە برسانا مردبن، بەڵام زوو هاوسێکەمان دڵنیایی دەکا و تێی دەگەیێنێ کە دایکم بۆ ئێستگەی شەمەندەفەر ڕۆیشتوە بڕ لای کوڕەکەی بە ڕاکردن باوکە خۆی گەیاندە ئێستگە، لەو عانەدا شەمەندەفەرە خەریک بوو دەکەوتە بزووتنەوە. هەر ئەوەندەی بۆ کرا کە بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە دەست لە ملی ژنە خۆشەویستەکەی بکا و لە شەمەندەفەر بیهێنێتە خوارەوە و خۆی لە باتی ئەو بڕوا بە شوێن براکەما.

دایکم بە مێرد و کوڕە تاقانەکەی شاد بوو، بەڵام هێشتا ئەنجامی منی نە دەزانی، ئەگەر منیش لەو کاتەدا بۆی بگەڕامایە ماڵەوە هەندێ برینی ئازاری مردنی براکانی سارێژ دەبوو چاوەڕوان بوو هەموو ڕۆژێ هەرچاوەڕوان بوو، چوار ساڵ بوو ئێش و ئازاری چاوەڕوانی چێشتبوو. چاوەڕوانی هاوسێکانی بوو، ئەوانەی لەگەڵ منا لە شار چوونە دەرەوە، بەڵکو لەگەڵ خۆیانا بمهێننەوە،یا خود هیچ نەبێ سەر و سۆراغێکی من بزانێ، بەڵام هێشتا کەس نەگەڕاوەتەوە و ئەویش هەر چاوەڕوانە.

***

مەملەکەت خانم نامەیێکی بۆ دایکم نووسی، مزدەی مانی منی بۆ نارد، ئەوەشی تێ گەیاند کە بوومەتە ئادەمزادێکی تەواو، تەندروستیم باشە و چاویشم کراوەتەوە. لە نامەکەدا تکای تایبەتی لە دایکم کرد بوو کە ماوەی بدا جارێ من نەنێرێتەوە تاوەکو حەکیمی کوڕی لە جەنگ دەگەڕێتەوە و ئەوەشی بۆ نووسی بوو کە نەیێ بە شوێنما چونکە مەبەسی ئەوە نییە زەوتم بکا. خۆ ئەگەر دایکیشم خوا بکا دڵی نەرم ببێ و بۆ ئەوانم بەجێ بهێڵێ دیارە ئەو پەڕی خۆشی و شادییە بۆ ماڵی وەستا عەلی جان. ئەم نامەیە نامەی یارانی نار.داران بوو، نامەی ئەو ئازیزانەی کە خۆر وە پایانەوەیە، لە ئاسۆی ژیانێکی پڕ لە ناسۆری و نائومێدییەوە سەریان دەردەهێنن و خەندەی ژیان شادی و خۆشەویستی پێشکەش بە دڵداران دەکەن، منیش نەمردووم، بەڵێ! منیش نەمردووم!

زۆری پێ نەچوو حەکم گەڕایەوە، ئەوەندەی بە باوک و دایکی شاد بوو زیاتر بە من، ئەو خوشکەی بۆ یەکەمین جار دەیبینێ، بەڵام ئەو شادییە ئەوان زۆری نەخایاند ناچار بوون من بنێرنەوە. لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تایبەتییە ڕێککەوتن کە خەڵکی ئاوارەی شارەکانیان دەگەڕاندەوە

جـێگەی خـۆیان. هـەر چـەندە ڕۆژی گـەڕانەوەی من نزیـک دەبووەوە سـەد ئەوەندە لـە ناخی بیـری قـووڵـی دەست لێک بـەردان دەچوونە خـوارەوە. بـەڵێ برووسکەشـیـان بـۆ دایکم نارد بـۆ ئەوەی بۆ پێشوازیم بێت.

هـەر سـێکیـان دایک و باوک و برای تاشـقـەندم، بە چاوی پڕ لە فرمـێسکەوە لە ئیـسـتگەی شەمەندەفەردا وەستا بوون، منیان بە ڕێ دەکرد. کە لە لنینگرادەوە منیان هێنایە تاشقەند هەموو سـامـانم مقـەباکـەی ملم بـوو، بەڵام کە لـە تاشـقـەندەوە بـە ڕێ کرام هـەمـوو لـەشم هێـز و توانای مرۆڤایەتی بوو.

زۆر سـەیرە! من خۆشی ژیانم خستـە ناودڵی دایک و باوک و برام لەو کاتەی کە لە لینینگردا بە من شاد بوون، هەروەها تاڵی ژیانیشم خستە ناو دڵی دایک و باوک و برای ئەو لام لەو کاتەی هەتا هەتایێ لێیان جیا بوومەوە.

بەڵام سووچی منی تیا نییە، ژیان و ڕۆژگار وەرامی ئەمە دەدەنەوە.

***

هـەموو کـەسێک یەکەمین ڕۆژی چوونە قوتابخـانەی لە بیرە، بەڵام من ئەوەم لە بیر نییە، تا پۆڵی چوارەمـیش نە قوتابیـان، نە مـامـۆسـتـاکان کـەسـیـانم لە بیـر نەمـاوە. لە پۆڵی چوارەمـا بـووم کە ڕۆژێکیـان باوکم بووکـەشـووشــەی بۆ هێنـامـە مــاڵەوە، بەڵـێ بووکـەشـووشـــە، بەڵام نەمــدەزانی بووکەشووشە چییە! بۆچی دروست کراوە! چی لەگەڵا دەکرێ!

بووکـەشـووشـەم پـێ سـەیر بوو، لەبەر ئەوە بـوو بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ خـۆمـا بردمـە قـوتابخـانە، نەخـێر دەبینم هـەمـوو منداڵی قـوتابخـانەکـەمـان بە کـوڕ و کـچـەوە بـووکـەشـووشـەیان لەگەڵ خـۆیانا هێناوە، مامۆستاکانمان کە چاویان بەم هەموو بووکەشووشەیە کەوت دەستیان کرد بە گریان.

گوتم:

– کە جەنگ کۆتایی هات لە تەمەنـی پێنج ساڵیدا بووی، هێشـتـا نەچووبوویە قوتابخـانەوە، ئەی بۆچی لە پۆلی چوارەمدا باوکت یەکەمین بووکەشووشەی بۆ هێنایتە ماڵەوە؟

– هـەیهـوو! هـەیهـوو! دیارە گوێت لەم بەسـەرهـاتە نەگرتووە، یا خـود قسـەکـانم لە گوێی ڕاسـتت چوونەتە ژوورەوە لە گوێی چەپتا هـاتوونەتە دەرەوە.

ئەفسـووس و سـەد مـەخـابن، لە پاش کۆتایی جـەنگدا هـەموو ئاوایێکی وولاتەکـەمان کەوتبـووە خۆ بۆ ئامادە کردنی نان و جل و بەرگ و پێڵاو بۆ ئەوەی بگەنە فریای ملیۆنەها لە هـاونیشتمانەکانمان تاکو لە مردن ڕزگاریان بکەن، هێشتا نۆرە نەهـاتبووە سـەر دروست کردنی بووکەشووشە.

**لینینگراد (سانت پیترسبورگ) بەهاری ١٩٦٤**

سـەرچاوە: بەرەوڕۆژ، د. مارف خـەزنەدار.